# خۆپڕچەككردن و سەرمایەداری

قلاديمير ئيليتش لينين

بەریتانیا، یەكێكە لە دەوڵەمەندترین وەڵاتانی جیهان و لە هەموویان زیاتر ئازادو پێشكەوتووترە. دەمێكە، پەتای خۆپڕچەككردن((كۆمەڵگا)) وحكومەتی بەریتانی گرتووەتەوەو حاڵیان رێك وەك حاڵی كۆمەڵگا و حكومەتی فەرەنسا و ئەلمانیایە...هتد

ئەوەتە رۆژنامەوانی بەریتانی-و بەتایبەتی رۆژنامە كرێكارییەكان-ئەم رۆژانە سەرئەنجامی وا بلاودەكەنەوە كە جێی سەرەنجەو((میكانیزمی))خۆپڕچەكردنی سەرمایەداری فێڵباز، پیشاندەدات. خۆپڕچەككردنی هێزی دەریایی بەریتانی بە شێوەیەكی تایبەت، گەورەیە. شەركەتەكانی دروستكردنی پاپۆڕی بەریتانی(ویكەرز، ئارمسترۆنگ، براون...هتد)لە جیهاندا ناوبانگیان هەیە. بەریتانیا و وەڵاتەكانی تر، سەدان و هەزاران ملیون رۆبڵ خەرج دەكەن بۆ خۆئامادەكردن بۆ جەنگ-زۆر ئاساییە، هەموو ئەو خۆپڕچەككردنە بە تایبەتی لە پێناوی ئاشتی و پاراستنی كلتور و لە پێناوی نیشتیمان و شارستانییەتەو هتد...-.

ئێمە دەبینین ئەدمیراڵ و بەناوبانگترین كەسایەتی دەوڵەتی بەریتانی لە هەردوو حزب: حزبی پارێزەران و حزبی لیبرالەكان، كە وەك بەشدار و بەرێوەبەرانی دەزگاكانی پاپۆڕ، بارود، دینامیت و بۆمبهاوێژ دروستكردنن و ئەوانی تریش هەروا. بارانی بە بەرەكەت، راستەوخۆ بۆ گیرفانی بۆرژوا بەرێزەكان دەبارێت، ئەمانە چەتەی جیهانی یەكگرتوو پێكدەهێنن و گەلان هاندەدەن بۆ كێبركێكردن لە بواری خۆچەكداركردن و پێستی ئەو گەلە گوێڕایەڵ، خۆشباوەڕ و گێل و ئەحماقانە، وەك مەڕ لێدەكەنەوە!

خۆچەكداركردن، بە مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتیمانی دادەنێن و وایشی بۆ دەچن، هەموویان، نهێنییەكە، بە شاراوەیی بپارێزن، بەڵام كارگا و شەركەتەكانی پاپۆڕ، بۆمبهاوێژ، دینامیت و تفەنگ دروستكردن، دەزگای جیهانی پێكدەهێنن، سەرمایەدارانی وەڵاتان، قۆڵ لەناو قۆڵی یەكتر، فێڵ و دزی لە ((جەماوەر))ی وەڵاتەكان دەكەن، ئەوانە پاپۆڕ یا بۆمبهاوێژ بۆ بریتانیا لە دژی ئیتالیا و بەهەمان شێوە بۆ ئیتالیا لە دژی بەریتانیا دروستدەكەن.

ئەوەتە ئالییەتی سەرمایەداری مەكرباز!شارستانی، رێكخستن، رۆشنبیری و ئاشتی- و راورووتكردنی ملیونان رۆبڵ لە لایەن خاوەن كار و قوڵبڕەكان، خاوەنی سەرمایەی دروستكردنی پاپۆڕ و دینامیت و ئەوانی ترا!

بەریتانیا سەر بە ویفاقی سێ قۆڵییە لە دژی هاوپەیمانانی سێ قۆڵ و ئیتالیا یەكێكە لەو دەوڵەتانە تێدا ئەندامە. شەركەتی ویكەرزی بەناوبانگ (بەریتانی) چەندین لقی لە ئیتالیا هەیە. بەشداربوانی ئەم شەركەتەو بەرێوەبەرەكانی(بەرێگای رۆژنامەو((كەسایەتییە))پەرلەمانتاریستە كرێگرتەكانەوە لە حزبی پارێزەران و لیبراڵەكان) بەجۆرێك، بەریتانیا لە دژی ئیتالیاو بە پێچەوانەشەوە، هاندەدەن. لە هەمان كاتدا قازانجی خۆیان لە كرێكارانی بەریتانیا و ئیتالیا وەك یەك وەردەگرن و لێرەو لەوێ گەڵ ڕاورووت دەكەن.

هەموو وەزیرو ئەندامانی شوورای گشتی پارێزەران و لیبراڵەكان-بەشدارن لەو شەركەتانە. كوری وەزیری((مەزن))غلادیستۆن، بەرێوەبەری شەركەتی(ئەرمسترۆنگ)ە و ئەدمیراڵی دەریا بیكۆن، بەناوبانگترین دەریاناس وگەورەترین كارمەندە لە(بەرژەوەندی))لە بەریتانیا دەگوێزیتەوە بۆ كارگەی بۆمبهاوێژی قورس لە كوفنتری و موچەكەی دەگاتە7000جونەی سترلینی، كەچی سەرۆك وەزیری بەریتانیا 5000 جونەی وەردەگرێ.

**هەڵبەت، هەمان ئەم شتە لە هەموو وەڵاتە سەرمایەدارییەکاندا روودەدەن. حکومەتەکان،پاسەوانی چینی سەرمایەدارەکانن، ئەوانیش موچەیەکی زۆر باش وەردەگرن. هەروا خودی پاسەوانەکانیش خاوەنی بەشن. مەڕەکانیش، لە ناوەڕاستی هاتوهاواری ووتار خوێندنەوەکان لە بارەی((نیشتیمانپەروەری))، پێکەوە توکیان هەڵدەپاچن...**

**لە** 21**ئایاری**1913،**لە پراڤدا، ژمارە**115**بلاوکراوەتەوە**

1**بەرگی**23،**لا پەڕەی**175-176

وەرگێر: سەلام عەبدوڵڵا